# ڕۆڵی ناو و ناسناو لە پاراستنی شوناسی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا

پ.د.حکیم أحمد مام بکر
زانکۆی صلاح الدین- هەولێر
hakeem.mambakr@su.edu.krd

م.ی. قاسم محمد فرج
ناوەندی کوردستان- زانکۆی سلێمانی
qasim.faraj@univsul.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پێشەکی:**

توێژینەوەی ڕۆڵی ناو و ناسناو لە پاراستنی شوناسی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باس لەو قۆناغە مێژووییە گرنگەی کورد دەکات کە توانیویەتی وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس پشکداری بکات لە شارستانی ئیسلامیی، زانا و فەرمانڕەوا و کەسایەتییە کوردەکان لە ڕێگەی پاشگری نەتەوەیی، شار و ناوێکی کوردییەوە لە هەر شوێنێکی جیهانی ئیسلامییدا بوو بێتن پێگەو کاریگەریان هەبووە، لە ئەنجامی تێکەڵبوون بە نەتەوەکانیتر کوردەکان نەک نەتوانەوە لە ناو ڕەگەز و نەتەوەیتر بەڵکو پارێزگاریان لە شوناسی کوردبوونی خۆی و کولتوور و داب و نەریت و زمان و ڕۆشنبیری خۆیان کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا وێڕای ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەوڵدەدەین لە چەند تەوەرەیەکدا کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی بە پێچەوانەیشەوە دەربخەین، لەگەڵ ئاماژە کردن بە چەندین پەیڤی کوردی کە خۆی خزاندۆتە ناو ئەدەبیاتی عەرەبی، ئەمانەیش بەڵگەیە لەسەر بەهێزی ئەم زمانە، هەروەها تیشک دەخەینە سەر چەندین کەسایەتی ناوداری کورد کە ناوەکانیان کوردی بووە، هەروەها چەندین کەسایەتیتر کە هەڵگری ناسناوی کوردی بوون، ئەم ناسناوانەیش دەیان گوزارشت بوون لە (نەتەوەی کورد) یاخود (هۆزێکی کوردی) یان(شارێکی کوردی) کە هەر هەموویان بەشداربوون لە پاراستنی شوناسی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست.

سەرچاوە مێژووییەکان و کتێبی ژیاننامە و سەربووردەی کەسایەتییەکان، کە بەزمانی عەرەبی نووسراون پڕاو پڕن لە ناوی ئەم کەسایەتییە کوردانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی شارستانی ئیسلامیی جێپەنجەیان دیارە و شانازی بە ئینتیمای نەتەوەی و نەژادی خۆیانکردووە.

ئەم توێژینەوەیە کار بە میتۆدی مێژووی، وەسفی و شیکاری دەکات، پشتی بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ژێدەرە زانستیەکان بەستووە.

ئەم توێژینەوە لە ڕووی سنوور و کاتیشەوە تایبەت نیە تەنها بە هەرێم و ناوچە کوردییەکان، لەبەر ئەوەی ئێمە باسی ئەو کەسایەتیانە دەکەین کە هەڵگری پاشگری ناوێک یاخود شارێک و ناوێکی کوردین دەکرێت لە ناوچەیەکیتری جیهانی ئیسلامیی ئەوکاتەدابێت، بەنموونە بەشێکی زۆری کوردەکان لەو ماوە مێژووییەدا بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و هەڵهاتن

لە سوپای مەغۆل و بەشداریکردن لە شەڕی خاچییەکان کۆچیان کردوە بۆ میسر و شام و لەوێ بەناوی کوردو پاشگری نەتەوەی کورد ڕۆڵ و پێگەیان هەبووە.

لە ڕووی سەردەمەوە توێژینەوەکە تایبەتە بە ناو وناسناوی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست.

توێژینەوەکە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت،تەوەری یەکەم باسی شوناسی کورد لە نێوان شوناسە جیاوازەکاندا دەکات، تەوەری دووەم پاراستنی شوناسی کورد لە ڕێگەی ناسناوی هۆزەکانەوە باسی ئەوانە دەکات کە ناوی هۆزێکی کوردیان هەڵگرتووە، تەوەری سێیەم ئەو کەسایەتییانەی ناوێکی کوردیان هەیە، پاراستنی شوناسی کورد لە ڕێگەی ناسناوی نەتەوەیی (کوردی) یاخود ناوێکی کوردییەوە، تەوەری چوارەم باسی هەڵگرتنی ناسناوی شار و شوێنی جوگرافیا، باسی ئەو کەسایەتیانە دەکات کە ناوی شارێکی کوردیان هەڵگرتووە.

**کلیلە وشە: شوناسی کورد، ناسناوی کوردی، زمانی کوردی، سەدەکانی ناوەڕاست**

**تەوەری یەکەم:**

**شوناسی کورد لە نێوان شوناسە جیاوازەکاندا.**

دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لەسەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زاینی و دواتر بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی لە ڕێگەی پرۆسەی (فتوحات) بە ئاراستە جیاوازەکان لە ماوەیەکی پێوانەییدا، دواتریش لە ڕێگەی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و بزاڤی بازرگانی کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگی لێ بەرهەم هات، کە چەندین ڕەگەز و نەتەوە وزمان و ئایین و کولتووری جیاواز لە خۆ بگرێت؛ بە مەیش شارستانیەتێکی دەوڵەمەندی فرە ڕەهەند هاتە کایەوە کە دەوڵەمەندترین شارستانیەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بووە، شارستانیەتیەک کە لەڕووی پانتایی جوگرافی و مرۆیی تایبەتمەندی خۆی هەبوو جیاواز لە جوگرافیای شارستانی سەردەم، دیارە یەکێک لەم نەتەوانە یاخود یەکەم نەتەوە کە بە حوکمی جوگرافیاکەیەوە لەگەڵ موسڵمانان درووست بوو لە ڕێگەی پرۆسەی فتوحاتەوە لەسەردەمی خیلافەی ڕاشیدین، نەتەوەی کورد بوو کە ئەوکات ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و بێزەنتی بووە، خاکەکەشی لە نێوانیاندا دابەش کرابوو، لە پەراوێزی سیاسی و شارستانی ئەواندابوو(بڕوانە: البرزنجي، ٢٠٠٠: ٤٦-٥٠).

بەڕاستی خۆ دۆزینەوە و خودناسی لە کۆمەڵگەیەکی وا تازە و جەنجاڵ و هەڵکردن لەگەڵ پێشهات و پەرەسەندنە خێراکانی کارێکی ئاسان و سادە نیە، بە تایبەت بۆ پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ناوچەکە کە پێشتر لە مافەکانی بێبەشکراوە و لە پەراوێزدا ژیانی کردووە، ئەمەش بە هۆی کەتوار (واقع) ی دەسەڵات وحوکمڕانی ئەو سەردەمە، مانەوە و بەردەوامبوون و دەرکەوتن بۆ بەهێزەکان بوو نەک بۆ شایستەکان و ڕەسەنەکان... بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە گۆڕانکاری لە دەسەڵات لە ناوچوونی هەردوو دەسەڵاتی ساسانی و بێزەنتی لە ناوچەکە و جێگرتنەوەیان لە لایەن دەسەڵاتێکی تازەوە کە خۆی لە خیلافەتی ئیسلامی دەبینێتەوە، ڕێگەخۆشکەروو ئاسانکاربوو بۆ ئەوەی هەرکەسێک و پێکهاتەیەک بە توانست و شیانی خۆی

sjh@univsul.edu.iq

گوزارشت لە خۆی بکات، خۆی بناسێنێت بە گوێرەی بنەماو پرنسیپە تازەکانی شارستانیەت؛ دوور لە پەراوێزخستن و سڕینەوە بەهۆی ڕەگەز یان نەتەوە یان ئایین، ئەمەش یەکێکە لە بنچینەکانی ئایینی ئیسلام کە دان دەنێت بە بوونی جیاوازییەکان و جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی هەڵکردن لەسەری و پێکەوە بوون یەکترناسین و پێکەوە ژیان، دوور لە خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و سڕینەوەی یەکتر هەروەک لە دەقێکی قورئاندا هاتووە﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾{سورة الحجرات، الآية: ١٣}

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دانان بە شوناسی نەتەوە و هۆز وپێکهاتە جیاوازەکان؛ ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە وەک خۆی جێ بەجێکرابێت، دەکرێت لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا جیاوازی و جیاکاری کرابێت لە لایەن هەندێک لە فەرمانڕەواو خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسییەوە بەتایبەت بەرامبەر بە ئەهلی زمە(بڕوانە: عدو، ٢٠١١: ٧٤-٨٣).

هەروەها لە چەند دەقێکیتریشدا ئاماژە بە بوونی زمان و گەل و نەتەوە و ڕەنگ و ڕەگەزی جیاواز کراوە لە نێوان گرۆی ئادەمیزاد، وەک بەڵگە ونیشانەیەکی گەورەیی و توانای بی سنووری پەروەردگار نیشان دراوە، بۆنموونە﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ﴾{سورة الروم، الآية: ٢٢}

کەواتا لەگەڵ دروست بوونی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی بەرفراوان کەچەندی نەتەوە و گەل و زمانی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لە ڕووی شەرعیەوە ڕێگەپێدراوە کە هەریەکەیان لە شوناسی تایبەت خۆی ئاشکرا بکات و گوزارشتی لێ بکات و پەرەی پێبدات و پارێزگاری لێ بکات، لە چوارچێوەی ئەم بیروباوەڕو هەل ومەرجە نوێیە نەک هەموویان بتوێنێتەوە لەناو نەتەوەیەک و زمانێکی دیاریکراو کە عەرەب و زمانی عەرەبیە، چونکە ئەم حاڵەتە پێچەوانەی فیترەت و سروشتی مرۆڤەکانە کە لەسەری دروستکراون و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و خاوەنەکەی شانازی پێوە دەکات؛ بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا و لە لایەکیتر بوونی ئەم هەموو پێکهاتە جیاوازە لە ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە وزمان و..هتد باشترین فاکتەربوو بۆ بنیاتنانی شارستانیەتێکی دەوڵەمەند و پڕ لە بەخششی کە ناسراوە بە شارشتانیەتی ئیسلامیی و هەندێک لەو ناوچانەی بە جیهانی ئیسلامی ناسراوە لە ئەنجامی پرۆسەی فتوحات وهەندێ ناوچەش لەئەنجامی کارلێکی بازرگانی و... هاتەکایەوە پێش ئیسلام ناوچەی شارستان و پێشکەوتووبوون وەک میسۆپۆتامیاو شام و میسر و ئێریای کۆن و خۆراسان، ئیسلام بووە هەوێنی کۆکردنەوە و ئاوێتەکردنی ئەم شارستانیانە و شارستانیەتی گەلانی موسڵمانی لێ پێکهێنا .هەر پێکهاتەیەکیش بە گوێرەی توانست و شیانی خۆی پشکداری تێداکردووە بێ ئەوەی شوناسی خۆی لەسەر دانابێت، یاخود داواکرابێت لێی کە بتوێتەوە.

زمانی عەرەبی زمانی ئاین و ـ قورئان ـ شڕۆڤەکانی سەرەتایی قورئان ڕەگەزی عەرەب و دوواتر زمانی دەسەڵات و زمانی کارگێری و چینی سەردەست بووە کە عەرەب بوون ، بۆیە وەک دەوڵەتەکانی بەر لەدەوڵەتی خیلافەت بێزەنتی وساسانی کەزمانی ڕەگەزی سەردەست زمانی نووسین ودەربڕین بووە بەهەمان شێوە لەسەردەمی ڕاشیدی وئومەوی ودواتریش بووە بە عەرەبی.

هەرچەندە بەهۆکاری بیروباوەڕ و ئایینیەوە زمانی عەرەبی دیارترو زەقتر دەرکەوتووە بەو پێیەی کە زمانی قورئانی پیرۆزە ودواتر بوو بە زمانی شارستانیەتی ئیسلامی و زمانی نووسین ، بەڵام زمانە خۆجێی و لۆکاڵیەکان هەریەک لە سنووری خۆی

sjh@univsul.edu.iq

پێگەی هەبووە، لەبواری گفتوگۆی نێوان خۆیان بەکاریان هێناوە لە دەرئەنجامی ئەم واقیعە نوێیە شارستانییەک درووست بوو کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوە بوو لە نێوان فرەیی و یەکبوون(التنوع والوحدة) واتا فرەیی لە پێکهاتە وتایبەتمەندیە نەتەوەیی و کولتووریەکان و بەهرەکان و زمانەکان، یەکبوونیش لە یەکێتی شارستانیەت کە هەموان هاوکاروبەشداربوون بۆ بنیاتنانی شارستانیەتیەکی یەکگرتوو وپێشکەوتوو کە هاوشێوەی نەبوو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ( بڕوانە: خلیل، ٢٠٠٢: ٦-٣٨؛ البرزنجی، ٢٠٠٠: ٥٠-٥٤).

بەواتایەکیتر شوناسە تایبەتەکان ڕێزلێگیراون و زمان وکولتوورە جیاوازەکان ڕێگەپێدراو وحیساب بۆ کراون، بەڵام گشتیان بەیەکەوە پشتگیر و پاڵپشتن بە ئاراستەی بنیاتنانی شارستانیەتیەکی ناوازە و دەوڵەمەند کە لە ئەنجامدا خزمەت بە هەموان و بەگرۆیی ئادەمیزاد بەگشتی بکات.

پەیوەست بە کوردیش کە نەتەوەیەکی ڕەسەن و ڕەگ و ڕیشەی داکوتراوی ناوچەکەن ئەوە سەرەڕای بەهێزی ئەم تەوژمە نوێیە و جەنجاڵی نەتەوەیی وکولتووری، توانیان پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بکەن و پشت ئەستوور بەدێرینی و ڕەسەنایەتیان و بەسوود وەرگرتن لە دەرفەتی هەل و مەرجی نوێ کە ئازادی بۆ فەراهەم کرابوو، هەر لەسەرەتاکانی ئاشنابوونیان بە ئایینی ئیسلام و بەتایبەت لەسەردەمی عەبباسی و سەردەمەکانی دواتر، کورد بە درێژایی مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵەی ئیسلام، میللەتێکی ناسراو ودیار بووە، بە گوێرەی ئەو سەنگ و پێگەیەیی وا هەیبوو ئامادەیی و کاریگەریی لە مێژوو و شارستانیەتی دەوڵەتی ئیسلامیی نواند، خزمەتێکی مەزنی بە ئاینی ئیسلام و دونیای موسڵمانانی کرد ئەم خزمەتەیش هەموو بوار و لایەنەکانی گرتەوە، لە بواری سیاسی و دەوڵەتداریدا میرە کوردەکان دڵسۆزانە داکۆکییان لە سەروەری خیلافەی ئیسلامیی کرد و دانیان بە پیرۆزی و شەرعیەتی دانا و شەڕی دوژمنان و نەیارانی خەلیفەیان بە ئەرکی شەرعی سەرشانیان دەزانی و سنوورەکانی دیاری ئیسلامیان دەپاراست و کەمتەرخەمیان نەدەکرد، لە بواری زانست و هزر ومەعریفەتدا، فەقیە و فەرموودەناس و قورئانخوێن و قازی و زمانەوانی و شاعیر و نووسەری کورد ژمارەیان بەسەدانە، لە بواری جەنگی و شەڕ و جیهاددا، سەدان و هەزاران میر و سەرکردە و جەنگاوەر و خۆبەخشی پێگەیاندووە بە تایبەت لە ڕۆژگاری شەڕی خاچییەکان لە سەدەکانی (٦-٧ک/١٢-١٣ز)(بڕوانە:تۆفیق، ٢٠١٤: ٢٤)، کەسایەتییە کوردەکان ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان نەخشاند لەسەرنەخشەی شارستانیەتی ئیسلامیی کە ڕەنگدانەوە وجێپەنجەی هەزاران کەسایەتی و زانا و بلیمەت لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا ڕوون و ئاشکرایە، ئێمەیش لە ڕێگەی ناو وناسناوەکانیان دەیانناسینەوە کە کتێبەکانی تایبەت بە چین وتوێژە وژیاننامەکان( کتب الطبقات والتراجم والسیر) ناوەکانیان تۆمارکراون.

**تەوەری دووەم: پاراستنی شوناسی کورد لە ڕێگەی ناسناوی هۆزەکانەوە:**

لەسەرچاوە مێژوویی و کتێبەکانی ژیاننامە و چین و توێژەکان ناوی ژمارەیەکی بەرچاو لە هۆزو تیرەی کورد هاتوون، بە تایبەتیش لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەی زاینی بە دواوە ئەمەش دوای ئەوەی کە ڕۆڵی کورد لە شارستانی زیاتر دەرکەوت و چەندین کەسایەتی کوردی لە بوارە زانستییە جیاوازەکان دەرکەوتن بە تایبەتی زانستە ئاینیەکان وێڕای لایەنی سیاسی و کارگێری وسەربازی؛ لەسەردەمی ئەیوبیش ڕۆڵی هۆزە کوردییەکان گەشتە ئاستێکی زۆر بەرز ودیار.

هەروەک مێژوونووسی ناودار(عماد الدين لاكاتب الأصفهاني) لە یەکێک لە کتێبەکانی وەسفی هۆزە کوردییەکان لە ڕووی نەبەردی و چاونەترسی و کۆڵ نەدان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارە سەربازییەکانی خاچییەکان، وەک هۆزەکانی: هەکاری ومەهرانی و زرزاری دەکات (٢٠٠٤: ١٢٨)

باسی چەند تیرەو هۆزێکی دیاری کورد کراون وەک حەمیدی و هەزبانی و مارانی مەهرانی و گاوانی و بەرزیکانی و گۆرانی و ...هتد

ژمارەی تیرە و هۆزەکان زۆرن و ناتوانرێت ئاماژە بە هەموویان بدەین، هەر لەم تەوەرەدا ئاماژە بەو کەسایەتیانە دەکەین کە بۆ پارێزگاریکرد و پاراستنی شوناسی کوردبوون ناوی یەکێک لەو هۆزە کوردانەی هەڵگرتووە وەک ناسناوێک بەکاری هێناوە، هاوکات پارێزگاریان لە ناوە ڕەسەنەکەی خۆیان کردوە کە ناوی هەندێ لەو تیرە وهۆزە کوردیانە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام و گەیشتنی فتوحاتی ئیسلامی بە ناوچە کوردییەکان

شایەنی باسە زۆر لە کەسایەتییە کوردییەکان بە ناوی هۆزەکانیانەوە خۆیان ناساندووە وناسێندراون، ئەمەش بەشێکە لە شانازیکردن بە شوناس وهەوڵدان بۆ ون نەبوون لە نێوان ئەم ژمارە زۆرەی هۆزەکان:

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە چەند کەسایەتیەک بکەین وەک نموونە نەک وەک سەرژمێری گشتی، هەروەک لەسەرچاوەی ئەدەبیاتی ئیسلامیی هاتووە.

**یەکەم: الحميديەکان:-**

حەمیدییەکان، سەبارەت بەناوی ئەم هۆزە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەیگەڕێننەوە بۆ کەسایەتییەک کە میری هۆزەکە بووە بە ناوی(حميد).(بڕوانە: أحمد، ٢٠٠٦: ٢٨٩)، توێژەرێک ئاماژە بەوە دەکات ناوی میرێکی ناوداری ئەم بنەماڵەیە بووە لە کۆندا (هلبين، ٢٠١٣: ١٣).

حەمیدییەکان لەو هۆزە گەورە و ناسراوانەی کوردن کە لەسەردەمی مێژووی ئیسلامیدا ناویان هەیە، مێژوونووسان و گەریدە و وڵاتناسەکان باسی ڕۆڵ و پێگەی ئەم هۆزەیانکردووە لە ڕووداوە مێژووییەکان ناویان هاتووە، سەرچاوەکان ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە هۆزی حمیدییەکان کوردن هیچ گومانێک هەڵناگرێت ( الحميديه، وهم طائفة من الأكراد )( القلقشندی، ١٩٨٩: ٣٧٤/٤ )ئەم هۆزە ناوچەیەکی فراوانیان لە ژێر دەستدا بووە هەربەناوی (الحميديه) ناوچەکە ناوبانگی هەبووە (العقرالحميديه) و((داسن الحميديه) دەربارەی ناوەکەیان چەندین ڕای جیاواز هەیە ئایە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی هۆزەکە، (ياقوت الحموی) دەڵێت:((جيل من الاكراد)) یان ناوی شوێنەکە (الحميديه جبل من الاكراد بتلك الأرض) (الحموی، ١٩٨٦: ٣١٣)یان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە(توفيق، ٢٠٠٠: ١٢٧)

کاتێک تەماشای سەرچاوەکان دەکەین ژمارەیەکی زۆر میر و فەرمانڕەوا و زانای ئەم هۆزەت لەسەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پێشچاو دەکەوێت کە لەڕووداوە مێژووییەکاندا ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە، کە ئێمە لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر چەند کەسایەتیەکی حەمیدییەکان کە پاشگری ئەم هۆزە وەک شازی و ناساوێک بۆ خۆیان بەکارهێناوە پارێزگاریان لە شوناسی کوردبوونی خۆیان و هۆزەکەیان کردۆتەوە.

**-عبدالمحسن بن احمد العقری(عقری، ئاکرێ):**

عبد المحسن احمد بن عبدالله بن محمد بن عیسی بن جامع ابو محمد بن ابی العباس العقری یەکێکە لە زانا و شاعیرەکانی شاری (عقر، ئاکرێ) لە ساڵی (٦٩٦ك /١١٩٩ز) لە موسڵ دایك بووە هەرلەوێش ژیاوە ، لای چەندین مامۆستا لە شاری موسڵ و بەغداد وانەی (الفقه) و(الخلاف) و(الحساب) ی خوێندوە، هەروەها دواتر بووە بە مامۆستا لە شوێنی باوکی و وانەی فقەی دەوتەوە' ئەوەی زانیاری بێت لەسەر ئەم زانا کوردە حەمیدییە باس نەکراوە، تەنها مێژوونووس (ابن الشعار) زۆر بەکورتی باسی ژیانی ئەم زانایەی کوردەی شاری ئاکریی کردوە و خۆی چاوی پێکەوتووە دەربارەی ژیان و ساڵی لەدایك بوون و شارەزای لەزانستەکان پرسیاری لێکردوە.(إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٤/ ١٠٥ )

**-ابو الحسن الحمیدی الکردی:**

ناوی علی بن محمد بن بدر بن ابی بکر بن ابی الحسن بن ابی الهیجاء بن سعید بن سهیل بن حمید بن قحطبە بە (ابوالحسن الحمیدی الکردی) ناسراوە(ابن الفوطی،د.ت: ٤/ ٧٦) دیارە ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ هەڵمەتی سوپای (صلاح الدین) بۆ میسر رۆشتوون ئیتر هەرنەگەراونەتەوە هەربۆیە لە میسر لەدایك بووە هەر لەوێش درێژەی بەژیان داوە، ئاماژەیەك هەیە کوری میر (الامیرعزالدین الحمیدی) بێت(توفیق، ٢٠٠٧: ٩٠)، خاوەنی قەڵای (سارو) (ابو الحسن الحمیدی الکردی) یەکێك بووە لە نەوەی میر و فەرمانرەواکان((من ابناء الامراء)) هەروەها شاعیر بووە، بەڵام لە رووی زمانەوانیەوە شیعرەکانی تەواو نەبووە هەڵەی تێدابووە ،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کوردبووە دەکرێت شارەزای تەواوی زمانی عەرەبی نەبوبێت.(إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٤/ ١٠٨) بەشداری زۆربەی شەرەکانی موسڵمان و خاچییەکانی کردوە، لەیەکێك لەو شەرانە ساڵی (٦٢٧ك/١٢٢٩ز)کوژراوە.(ابن الفوطی،د.ت: ٤/ ٧٦)

**- ابو عبدالله الحمیدی العقری:**

محمد بن فضلون بن ابی بکر بن الحسین بن محمد بن وهب بن صالح بن یوسف، ئەو ناوچەی (ابو عبدالله العقری) تێدا لە دایك بووە ناوچەیەکی کوردییە و ئەم هۆزە کوردە حمیدییە سیمایەکی دیاری کوردبوون لە سەدەکانی ناوەراستدا(العقر قلعه حصینه مشهوره، یقال لها: عقر الحمیدیه جیل من الاکراد)،(من ابناء الاکراد)،(الصفدی،٢٠٠٠: ٤/ ٣٣٢؛ یاقوت، ٢٠١٠: ٤/ ١٤٦) لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) لە دایك بووە، دواتر لەموسڵ توشی نەخۆشی بوو گەراوەتەوە بۆ لای خزمەکانی لە ئاکرێ (عقر) دواتر لە ساڵی (٦٢٤ك / ١٢٢٦ز) کۆچی دوایی کردوە هەرلەوێ نێژراوە،(وکان من الفظلاء فی کل علم، فقیها شافعیا،مناظرا، ادیبا، نحویا، شاعرا، متفننا، القی علماء الادب والفقه، واخذعنهم، وسمع علیهم الحدیث) چەندین کتێبی هەیە لەبوارە جیاوازەکاندا، بەنموونە کتێبێکی هەیەلەسەر (الفرائظ) وە کتێبێکیتری هەیە لە (علم الاصول) بەناونیشانی(الرموز الشرقیه علی الکنوز الخفیه)( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٤/ ١٠٨؛ هلبین، ٢٠١٣: ١٢٥)

**دووەم: هەزبانییەکان:-**

هەزبانییەکان هۆزێکی گەورە و دێرینی کوردن، شوێنی نیشتەجێبونی ئەم هۆزە شارەزوور و هەولێر و ئازربیجان و هەکاری و دەوروبەری موسڵ و ئەرمینیاو ئاران دەگرێتەوە(المسعودی، د.ت: ٧٦؛ محمود، ٢٠٠٦: ٤١).

دەربارەی ناوی ئەم هۆزە مێژوو نووسە کۆنەکان گەریدە و وڵاتناسەکان بەم شێوازە نووسیویانە (الهذبانیە)( ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٦/ ٥٤٧؛ ابن الحوقل، ١٩٩٧: ٢/ ٣٣٦) بێئەوەی بۆمان شرۆڤە بکەن یان زانیارییمان پێبدەن لە چیەوە هاتووە، ئەوەتا مینۆرسکی وای دەبینێت لە (حدیاب)ەوە هاتووە بەمانای (الزابین)دێت ،یان دووەم ناوە کۆنەکەی هەولێرە لەسەردەمی پێش ئیسلامدا (حدیاب) پێ وتراوە.( مینورسکی، ١٩٢٣: ١/ ١٠٩؛ محمود، ٢٠٠٦: ٤١)، هەروەها گوتراوە ئەمە لە (هزبنی-ئەزبەنی)یەوە هاتووە بە واتای (گەورەم) لەکرمانجی ژوورو، یاخود دەڵێن(الهیزانیە-هیزان)ەوە هاتووە دواتر گۆڕاوە بۆ(هەزبانی) یان لە(هوزەبان_هۆزەڤان) کە بەواتا سەرۆك هۆز یان خاوەن هۆز دێت.(بدلیس، ٢٠٠٦: ٢٠٤) هەزبانییەکان لە کۆتایی سەدەی سێی کۆچی(٢٩٣-٢٩٤ك/٩٠٥-٩٠٦ز)، ئاوارەبوون بۆ دەوروبەری هەولێر، لە ساڵی(٤٢٠ك/١٠٢٩ز) بوون بە خاوەنی دوو قەڵاو بەرەبەرە دەسەڵاتیان زیادیکرد، لەوسەردەمەدا ئەمیر وفەرمانڕەواکەیان ناوی( ابو الحسن بن موسک الهذباني) لەپاش ئەویش ناوی (سالار بن موسی الهذبانی) دێت.(بڕوانە: محمود، ٢٠٠٦: ٤٣)

**- یعقوب بن محمد الهذبانی**

یعقوب بن محمد بن ابی الحسن بن عیسی بن درباس، ابو یوسف الموصلی(ابن خلدون،١٩٨٨ : ٥/ ١٨٧) ، (ولد ابو یوسف بالعمادیە، ونشاء بالموصل ویکتب فی نسبە الهذبانی)) باوکی (ابو یوسف) پارەدار و دەوڵەمەند بووە، حەزی نەکردوە کوڕەکەی سەربازی بکات بۆیە ئامۆژگاری کردووە کە خەریکی زانست و زانیاری بێت، خۆی فێری زانستە شەرعیەکانی کردووە، هەربۆیە (ابو یوسف)چووە خزمەتی (ابی الحرم مکی) قورئان و زمانەوانی فێربووە(الذهبی، ١٩٩٨: ٤٧/ ٣٠٠) باوکی یوسف زۆرترین تەمەنی لەخزمەتی ئەمیر و فەرمانڕەواکاندا بەسەر بردوە، لە میسر لە ساڵی(٦٤٥ك/١٢٤٧ز)کۆچی دوای کردوە. ( إبن الشعار،٢٠٠٥ : ١٠/ ١٠٤؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ٥/ ١٨٧) ؛ توفیق و عبوش، ٢٠١٣: ١٣٣).

**-یوسف بن عثمان الکردی الهذبانی:**

یوسف بن عثمان بن الکردی الهذبانی، لە هەولێر لە دایک بووە و کۆچی دوایکردوە ((کان متجندا فی خدمە بعض الامراء الاربلین)) ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ١٠/ ٢٧٢) یەکێکیترە لە کەسایەتییە هەزبانیەکان کە ناوی هۆزەکەی و پاشگری ناوی کوردی بۆ خۆی داناوە (یوسف بن عثمان بن الکردی الهذبانی)ە یەکێکە لەفەرمانڕەوای بنەماڵەی سالارییەکان لە هەولێر(بڕوانە:توفیق و عبوش، ٢٠١٣: ١٣٨)

جگە لەو کوردە هەزبانییانەی باسمان کردن چەندین کەسایەتیتری هەزبانی ناوی هاتووە ناوی هۆزەکەی بەڵگەیە بۆ پاراستنی شوناسی کوردبوونی(ابی الهجاء الحسین بن الحسن بن موسی بن جلویە الکردی الهذبانی) کوڕی (ابو علی الحسن کوری موسك)(ت:٤٥٦ ك/١٠٦٣ز) فەرمانڕوای میرنیشنی هەزبانی بووە لە هەولێر ،ئەم میرە لەسەرەتای دەرکەوتنی لەسەر شانۆی سیاسی پەیوەندی کردووە بە خزمەت کردنی سوڵتان مەلەکشای سەلجۆقی(٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز)، دوای ئەوە بۆتە جێگیرەوەی باوکی و سوڵتانی سەلجوقیش ڕەزامەند بووە کە میرنیشنی هەزبانی لە دەستی ئەودا بمینێتەوە.( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٦/ ٤٠ ؛ ابن المستوفی،١٩٨٠: ق١/ ٢٠٦) (ابو علی محمد بن علی بن سلار الاربلی الکردی الهذبانی) (إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٥/ ٢٧٨)، هەروەها لە باسکردنی(ابو یعقوب الکردی الهذبانی)ناوی یەکێکیتر لە میری بنەماڵەی سالارییەکان بەناوی(الامیر ابو العباس احمد بن الخضر بن سلار الکردی الهذبانی الاربلی)دێت.(إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٩/

١٩٠)، ئەگەر تەماشای بەشێکی زۆری فەرمانڕەوای هەزبانییەکان و شەرعزان و زانایانی ئەم هۆزە بکەین دەبینی ناوی هۆز و تەنانەت ناویان کوردییە، ئەوەش نیشانەی شانازیکردنە بە شوناسی کوردبوون لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

**سێیەم: مارانیەکان:-**

مارانی تیرەیەکی گەورە و دیار و ناسراوی هۆزی هەزبانییەکان بووە(ابن المستوفی،١٩٨٠: ق٢/ ٢٦٨) مارانی وشەیەکی ڕەسەنی سریانیە بەمانای (ربی خاص بالمسیح (علیه السلام) دێت(بڕوانە: محمود، ٢٠٠٦: ٥٩)، شوێنەکەیان دەکەوێتە خوارەوەی (مروجی موصل) بەدرێژای ماوەی فەرمانڕەوای عەباسیەکان مارانیەکان ڕۆڵیان هەبووە وچەندین جوڵانەوەیان ئەنجام داوە و لە دەوڵەتی عەباسی یاخی بوونە(ابن الاثیر،١٩٩٧: ٦/ ٦٧٣-٦٧٤ ؛ توفیق،٢٠٠٧: ١٩١) لە سەرچاوەکاندا سەرگوزەشتەی چەندین فەرمانڕەوا و میر و زانا و شاعیری کوردە مارانیەکان باس کراوە و ناویان هاتووە.

**-ابو اسحاق المصری المارانی:**

ابراهیم بن عیسی بن درباس ابو اسحاق المصری المارانی لە قاهیرە لە ساڵی (٥٧٢ك/١١٧٦ز) لە دایك بووە، هەرلە میسر پێگەیشتووە، باوکی ئیسحاقی مارانی زانایەکی شافعی مەزهەب بووە، جگە لەوە یەکێك بووە لە فەرموودە ناسەکان ، لە و پێناوەدا گەشتی کردوە بۆ وەرگرتنی فەرمودە، وە دەربارەی فەرموودە شتی زۆری نووسیوە و گوێی لە زانایان گرتوە، ڕەخنەی لە (ابی الحسن علی الاشعری) گرتووە، قوتابی (ابو طاهر السلفی) بووە لە ساڵی(٥٩٤ك/١١٩٧ز) ئیجازە(مۆڵەت)ی زانستە شەرعیەکانی لێوەرگرتووە.( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧ / ٢٥٣ ؛ ابن المستوفی،١٩٨٠: ق١/ ٢١٦)

**-ابو الحامد المارانی:**

محمد بن عبدالملك بن عیسی بن درباس المارانی، باوکی(صدرالدین المارانی) لە هەولێر لەدایك، پیشەی دادوەر(قاضی) بووە، دواتر بۆتە دادوەری دادوەران (قاضی قضاه) لە شاری میسر( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧ / ٢٥٣؛ الصفدی، ٢٠٠٠: ٤/ ٤٣)، باوکی حامد مارانی لە شاری میسر لەدایك، لەوێ پێگەشتووە و گەورەبووە لە قوتابخانەی (السیوفیه) ئەو قوتابخانە لە لایەن سوڵتان (صلاح الدین) لە میسر دروستکراوە بۆ خویندنی مەزهەبی حەنەفی وانەی خوێندوە، کەسێکی تێگەیشتوو و فەقیهو ئەدیب و شاعیر بووە، لەهەمانکاتدا گەنجێکی پشوو درێژو ئارامگربووە، (صفدی) ئاماژەی بەوە کردوە(ابو الحامد المارانی ) دادوەر بووە، وە ئاماژەی بۆ ساڵی مردنیشی کردوە کە دەڵێت : لە ساڵی(٦٥٩ك/١٢٦٠ز) کۆچی دوایی کردووە.( ٢٠٠٠: ٤/ ٤٣).

**- ابو عبد الله المارانی:**

محمد بن علی بن محمد بن محمد بن الجارود المارانی لە (کفرعزه) لە دایك بووە، هەرلەوێ ژیاوە پێگەیشتووە' فقی ئیمامی شافعی لای پێشەوا (ابی الفضل یونس بن محمد بن منعه بن مالك الاربلی) خوێندوە، لە هەولێر لەسەردەمی سوڵتانی گەورە (مظفرالدین کوگبوری) دوای (قاضی)(ابی محمد جعفر بن محمد بن محمود الکفر عزی) کە جێگیری بووە دادوەری کردووە.( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧ / ٤٨ )، یەکێك بووە لە دادوەرە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر بە (قاضی الکفر عزی) ناوبانگی دەرکردووە(الصفدی،٢٠٠٠: ٤/ ٤٣) کەسێکی باش و دەست پاك و ڕێزدار بووە، زانایەکی بە لوتف و تێگەیشتوو و

قسە خۆش و هێمن و لەسەرخۆ و خاوەن ڕەوشت و ئاکاری جوانیبووە، کەسێکی خۆبەکەمزان بوو، وانە و موحازەرەکانی خۆش بوون، بەردەوام بووە لەسەر کاری دادوەری خۆی لە هەولێر(اربیل) تاکو شەوی شەممەی(٣)ی (جماد الاخرە) ساڵی(٦٢٩ك/١٢٣١ز)کتوپڕ کۆچی دوایکردووە ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧ / ٤٨؛ الصفدی،٢٠٠٠: ٤/ ٤٣)، ئەوەی زانیاریش بێت لەسەر ئەو دادوەرە مارانیەی کەفر عزە لەسەرچاوەکاندا نابینرێت، تەنها (الصفدی) ئاماژەی بۆ کردوە ئەویش ناڵێت لە کام سەرچاوەوە ئەو زانیاریانەی وەرگرتووە، دەربارەی ئەو زانا مارانیە دەڵێت:( کان من علماء التصوف)(بڕوانە: الصفدی،٢٠٠٠: ٤/ ٤٣).

**چوارەم: مەهرانیەکان:-**

مەهرانی لەسەردەمی عەباسییەکاندا هۆزێکی ناسراو بووە، لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ نیشتەجێبوونە (السمعانی) دەڵێت: ( المهراني: هذه النسبة إلى مهران، وهو اسم الجد المنسب إليه) (١٩٨٨: ٥/ ٤١٢)، چەندین گوند و قەڵا و حصنی پارێزراوی وەکو زاخۆ(حسینیە) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری خابوور، شوێنێکی باش وگونجاوە، موسڵ بە جەزیرەی بۆتان دەبەستێتەوە(المقدسی ، ١٩٩١: ٢/ ١٢٦)، گوندی باجلی(باجلایا)یش شارۆچکەیەکی دیارو بەناوبانگ بووە، سەربە ناوچەی موسڵە، جگە لەوانە قەڵای بەهێز و بتەویان هەبووە، ڕۆڵی سیاسی ئەو هۆزە لەماوەی هەردوو سەدەی پێنج و شەشەمی کۆچیدا/یازدە و دوازدەی زایینی دەرکەوتوە. (توفیق، ٢٠٠٧: ٢٢٧) بە پشت بەستن بە شوێنی نیشتەجێبوونی مەهرانییەکان دەتوانین بڵێین ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ باپیرە گەورەیان کە ناوی مهرانە، بەڵام زانیاریمان نیە لەسەری و نازانین دەگەڕێتەوە بۆ چی سەردەمێک(محمد، ٢٠١٣: ٢٢)، ئەم هۆزە کوردییە گەورە و ناسراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەیوبی، توێژەرێک ئاماژە بەوە دەکات کە مەهرانیەکان تا ئێستایش پاریزگاریان لە ناوی خۆیان کردوە، ئەوەتا زۆرترین بیروڕا لەسەر ئەوەیە، کە هۆزی میرانی هەر هۆزی مەهرانیە.(بڕوانە: توفیق، ٢٠٠٧: ١٢٦)

**– ابو الهیجاء بن ابی منصور الكردی المهرانی:**

عبدالله بن عیسی بن الحسین بن ابی طالب بن محمد بن باروخ، ابو الهیجاء بن ابی منصور الكردی المهرانی الموصلی لە موسڵ لە ساڵی(٥٩٤ك/ ١١٩٨ز) لەدایك بووە، باوکی ئەمیرو پیاوێکی ناسراوبووە پێگەی بەرزبووە لای (نورالدین ارسلان شاە بن مسعود بن مودود) ئەتابگەی موسڵ ، ئەم نەوەی میری کوردە مەهرانییە، گەنجێکی سەرباز و خاوەن بیرۆکەی باش و داڕشتنی جوان بووە لە نووسیندا ،خاوەن ڕەوشت و ئاکاری جوان بووە، بە نووسینەکانی ئازاری کەسی نەداوە، هەروەها شارەزای لە شتێکدا نەبووایە قسەی لەسەر نەدەکرد، پەخشان و شیعری هەیە. ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٣ / ٢٤٠-٢٤١)، زانیاریەکان لەسەر ئەم کوردە مەهرانیە لە سەرچاوەکانیتر پێش چاوناکەون، بەڵام هەر بەوەی ناوی بەناوی هۆزی مەهرانی و نەتەوەی کوردی هاتووە لەو ماوە مێژوویە بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسی کوردبوونی گرنگ و پڕ بایەخە.

**-الامير اسد الدين بن عبدالله المهرانى:**

ابو العباس اسد الدين احمد بن عبدالله بن شرف عيسى المهرانى الكردى، براى شاعير(ابو الهيجاء عبدالله المهرانى)ە لە کە خۆی و بنەماڵەکەی باوك و برا و مامی رۆڵی کارایان هەبووە لە شەڕی خاچ دروشمەکان لە ناو سوپای زەنکی و ئەیوبییەکان، باپیری (عیسی المهرانی) یەکێکە لەو ئەمیرە گەورەو فەرمانڕەوای قەلای (الجراحیە) بووە، (ابن الاثير،،١٩٩٧، ٨/ ٧٠٣-٧٠٤ ؛ إبن الشعار، ٢٠٠٥، ٥ / ٢٥٠؛ محمد، ٢٠١٣، ١٩٩)، ئەمیر (اسد الدین المهرانی) گرنگی زۆری بە زانا و ئەدیباندا‌وە، هەروەها باسی چەندین زانا و شەرعزان و میر و فەرمانڕەوای مەهرانیەکان هاتووە لە سەرچاوەکاندا، بەنموونە (الامير عماد الدين ابو العباس،احمد بن على بن محمد ابن المشطور الكردى المهرانى)( المقريز، ١٩٩٧، ١/ ٣٣٣).

**- پێنجەم: گاوانییەکان:-**

گاوانییەکان عەشیرەتێکی گەورەی کوردن، چەندین تیرەو هۆزیان لێ دەبێتەوە، بەدرێژای سەردەمی عەباسی هەوڵ و زانیاری دەربارەی ئەو هۆزە پێش چاو دەکەوێت، سەرەتا لە ناوچە چیا و زۆر سارەدەکانی کوردستان بوون، لە کۆتایی سەدەی پێنجی کۆچی/یازدەی زایینی روویان کردوەتە(حللە) و دەوروبەری، چەندین کەسایەتی و زانا و شەرعناس و ئەدیبیان لێ هەڵکەوتووە، شوێن دەستیان لە ئەدەبی عەرەبی بەتایبەتی شیعر دیارە (المسعودی،د.ت: ٩٤؛ جەواد، ٢٠٠٨: ١٤)

**- الأديب الكاوانى:**

(ناصح بن سعد بن ظفر ابو الشرف الكاتب، الاديب الكاوانى)ئەم نووسەرە گاوانیە نووسەری تایبەتی سوڵتان(طغرل بن ارسلان) خاوەنی (عراقی العجم) و وەڵاتی (ازربيجان) بووە، حەز و ئامانجی هەبووە لە فێربوونی زانستەکانی ئاداب و هونەر، هەروەها حەزی لە شیعر و نووسینی پەخشان بووە، زانای سەردەمەکەی خۆی بووە(وكان الغاية في علم الآداب وفنونها، حائزا فضيلتي المنظوم والمنثور بالعربية والفارسية، علامة زمانه، وواحد وقته في الفضائل، بلاغة وتقدما وتبريزا وفهما)( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٩ / ٦٧).

**شەشەم:بەرزیکانی _ البرزيكانية:-**

هۆزێکی گەورە و دیار و خاوەن مێژوو و پێگەی سیاسی و شارستانیەتی سەدەکانی ناوەڕاستن، شوێنی نیشتەجێبوونیان شارەزوو و هەرێمی چیایە.(حَسْنُوَيْهِ بْنُ الْحُسَيْنِ الْكُرْدِيُّ الْبَرْزِيكَانِيُّ.. ، وَكَانَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ مِنَ الْبَرْزِيكَانِ يُسَمَّوْنَ الْبَرْزِينِيَّةَ) (ابن الاثير،١٩٩٧: ٧/ ٣٧٠) سەبارەت بەناوەکەی ئەوە هیچ گومانی تێدانیە ناوێکی کوردییە، پێکهاتووە لە (بەرز-العالی)، بەڵام مێژوونووس (المسعودی) ناوەکەی بە هەڵەکردوە بە بوزیکان( بڕوانە: المسعودی،د.ت: ٩٤ ؛ توفیق، ٢٠٠٧: ٦٠). لێکدانەوەیەکیتر هەیە کە بەرزی بەمانای ئەوە دێت لە قەومێکی پایە بەرزە. (بەقشبەندی، ٢٠٠٨: ٢٧٩)

سەرۆکی ئەم هۆزە میر حەسنەوەیهی کوڕی حوسێنی بەرزیکانییە(٣٤٨ک/٩٥٩ز)، هەرچەند ئاماژە بەوە کراوە کە میر حوسێنی بەرزیکانی لە ساڵی ٣٣٠ک میرنیشینەکەی دامەزراندوە، بەڵام زیاتر ناوبانگ و ڕۆڵ و کاریگەری ئەم میرنیشینە و ناوی هۆزی گەورەی کوردی بەرزیکانی زیاتر لەسەرچاوەکاندا لەسەردەمانی میر بەدری کوڕی حەسنەوەی (٣٦٩-

sjh@univsul.edu.iq

٤٠٥ک/٩٧٩-١٠١٤ز) ناوی هاتووە و زۆربەی ناوچەکانی شارەزوو و ڕۆژئاوای هەرێمی چیای خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بووە بە یەکێک لە میرنیشینە بەهێزەکانی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا(بڕوانە: بەقشبەندی، ٢٠٠٨: ٢٣٤-٢٥٠).

ئاماژە بەوە دەکرێت دوای نەمانی دەسەڵاتی میرنیشینی حەسنەوەی هێشتا ناوی میر وفەرمانڕەواکانی ئەم میرنیشینە ناوبانگیان هەبووە، مێژوونووسی کورد(بەدلیسی) ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێک لەو میر وفەرمانڕەوانە دەگەڕێنەوە بۆ میر(هلال کوڕی بەدر)(٢٠٠٦: ٤٩٥)، دوای ئەوەی میر هیلال ململانێکەی لەگەڵ باوکی کۆتایی دێت ، هەست دەکات فەرمانڕەوای شاری هەمەدان چاوی بریوەتە ماڵ و موڵک و دەسەڵاتی و دەست پێشخەری کردوە، لە شەڕێکدا لەگەڵ میر (شمس الدولە)ی بویهی لە ساڵی (٤٠٥ک/١٠١٤ز) دەکوژرێت(ابن الاثیر،١٩٩٧: ٧/ ٣٧٣).

**-طاهر بن هیلال بن بەدری بەرزیکانی.**

ئەمیش یەکێکیتر بووە لە میری بەرزیکانیەکان دوای ئەوەی باپیری بەدری حەسنەوەیهی ناوچەی شارەزوور دەدات بە (فخر الملک)ی بویهی و(هیلالی باوکی دەکەوێتە زیندان ترسی ئەوەی هەیە باپیری ستەمی لێ بکات سوپایەک ئامادە دەکات و دووبارە ناوچەی شارەزوور دەخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، مامەڵەی جوانی لەگەڵ دیلەکان کردو ئازادی کردن،(ابن الاثیر،١٩٩٧: ٩/ ٢٤٥-٢٤٦).

**تەوەری سێیەم:-**

**پاراستنی شوناسی کورد لە ڕێگەی ناسناوی نەتەوەیی (کوردی) یاخود ناوێکی کوردییەوە:**

هەروەک لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، شارساتنیەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرهەمی هزری بیرو بەخششی هەموو ئەو نەتەوانە بوو کە ئاینی ئیسلامیان قبوڵکرد و دواتر هەریەکەیان لە شوێنی جوگرافی خۆی یاخود لە دەرەوەی جوگرافیای نیشتەجێبوونەکەی ئەسپی خۆی تاوداو پشکداری لە بنیاتنانی ئەم شارستانیەتەکرد، کوردیش وەک یەکێک لەم نەتەوانە پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی ئیسلامیی بوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەم کەسایەتیە کوردە ناودارانەی کە دەرکەوتن ڕۆڵی پرشنگداریان هەبوو لە بوارە زانستیە جیاوازەکاندا لەدەرەوەی کوردستان بەناوبانگ بوون و دەنگیاندایەوە. لەبەر ئەوە ژمارەیەکی بەرچاویان ناسناوی نەتەوەیی (کوردی) یان بە پاشگری ناوەکانیانەوە لکاندوە تاکو بناسرێنەوە لە ناو جەنجاڵی ڕۆڵی شارستانی نەتەوە موسڵمانەکانیتر ون نەبن و بناسرێنەوە، ئەوەش دیارە شانازی و خۆدەرخستنە بە بنەچەو نەتەوەی خۆیان.

بێگومان ئەم حاڵەتانەش زۆرن و گوزارشتن لە پاراستنی شوناسی کورد لە هەر شوێنێکی جیهانی ئیسلامیدا بووبێتن.

لیرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بە چەندین کەسایەتیەکی کورد بکەین کە ناسناوی کوردیان هەڵگرتووە:

**-مجد الدین ا لکردي:**

ئەم کوردە لەسەدەی حەوتی کۆچی ژیاوە، شارەزای بووە لە زانستی خوێندنەوەی قورئان، پۆستی دادوەری لە دیمەشق وەرگرتووە (البرزنجی، ٢٠٠٠: ٣٥٨)، بە هەمان شێوە(ابو علی الحسن بن عمر ابن عیسی الکردي الدمشقي) شارەزای لە

sjh@univsul.edu.iq

شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئان هەبوو لەوبوارەدە ئەم کوردەی دانیشتووی دیمەشق ناوبانگی هەبووە(البرزنجی، ٢٠٠٠: ٣٥٩).

**-إبن الصلاح الكردي الشهرزوري:**

زانای فەرموودەناسی کورد لە سەدەی حەوتەمی کۆچی ژیاوە، زانایەک بووە لە بوارەکانی ڕاڤەی قورئان و فەرموودە و بنەماکانی فقهـ شارەزا بووە، شارەزای لە مەزهەبی شافعی هەبووە، موفتی شافعی بووە، بەڵام وەک فەرموودەناسێک دەرکەوتووە(بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤: ٣/ ٢٤٣؛ البرزنجی، ٢٠٠٠: ٣٦١).

**-عمر بن بدر بن سعيد أبو حفض الكردي:**

ئەمیش زانا و شەرعزانێکی کورد بووە لە سەدەی شەشی کۆچی ژیاوە، شارەزای لە بواری فەرموودە و فەقیە بووە(البرزنجی، ٢٠٠٠: ٢٦٣)، هەروەها (عبدالكريم الكردي) لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە، سۆفیەکی خواناس و خاوەن زوهد و تەقوا و کەرامەت بووە (البرزنجی، ٢٠٠٠: ٤٠٩)

هەروەها چەندین کەسایەتی و فەرمانڕەوا و زانا و کەسایەتی بە ناوبانگمان هەیە ناوی کورد وەک پاشگری ناوی خۆیان بەکارهێناوە بە نموونەی:(**ميمون ابو نصير الكردي، الفضل بن أحمد الكردي، ديسم الكردي، إبن ابي الشوك الكردي، فاطمة بنت أحمد الكردي، حسنويه بن الحسين الكردي، إبن بادويه الكردي، علوش الكردي، باد الكردي، أبو علي أحمد بن محمد الكردي، الخضر بن خليل الكردي، عزالدين بن يوسف الكردي**)،(بۆ زانیاری لەسەر ئەم کەسایەتیانە بڕوانە: فرست مرعي إسماعيل ، الإمارات الكردية في العصر العباسي الثاني ٣٥٠-٥١١هـ/٩٦٠-١١١٧م(دراسة سياسية حضارية)، مطبعة وزارة التربية(اربيل:٢٠٠٥)، ص ١٥٩-٤٣٣؛ زرار صديق توفيق، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز)،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:٢٠١٠)، ل ١٢٠-٢٢١)

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە کەسانێک هەن چەند نازناوێکیان هەڵگرتووە لە هۆز و شار و نەتەوە، ئەوەش جەختکردنەوەیە لە شوناسی وردی ئەم کەسایەتیە کوردە، هەیشیانە دوو ناسناوی هەڵگرتووە؛ هۆز و نەتەوە یاخود هۆزو شار یان نەتەوە و شار یاخود نەتەوە و ناوێکی کوردی کە هەموویان گوزارشتن لە ئینتیمای کەسەکە و پاراستنی شوناسی کەسایەتیەکەیەتی.

بۆ نموونە:

**-الأمير الكبير شروين بن حسن جمال الدين الزرزاری الصلاحي،** کە ڕۆڵی هەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی خاچییەکان لە قودس (البرزالی، ٢٠١٩: ١/ ١٥٤).

**-برهان الدين السنجاري الزرزاري الشافعي:** ئەم زانا زرزاریە شەنگاریە شافعیە مەزهەبە لە سەدەی حەوتی کۆچی ژیاوە، لە دەوڵەتی ئەیوبی پۆستی(قاضي القضاة) ی میسری پێدراوە.

**محمد بن عبدالله بن الحسين أبو علي عبدالله الزرزاری الأربلي:** زانای فەرموودەناس بووەو پۆستی(قاضي القضاة)ی لە دیمەشق وەرگرتووە، لە سەدەی حەوتی کۆچی ژیاوە هەروەها موسی بن علي بن موسی الزرزاری الأربلي، ئەمیش لە سەدەی حەوت ژیاوە و باوک و باپیری لە هەولێر دادوەربوون(الذهبی ،١٩٩٨: ٤/ ٥٣٦ )

-**أبـو العبـاس الـكـردي الهكـاري**: زانـا و شـەرعزان بـووە، لە بـواری فەرمـوودە ڕۆڵـی گەورەو کـاریگەری هەبـووە، وەک فەرموودەناس بە دیارکەوتووە لە سەدەی حەوتی کۆچی ژیاوە(الذهبی ،١٩٩٨: ٥٠/ ١٢٨)

**-عبدالمک بن عیسى بن درباس الهزبانى المارانى الكردي الشـافعي**: فەرمووەدەناسێکی سـەدەی حەوتـی کـۆچی بـووە (ابـن حجر العسقلاني، ١٩٧٢: ٣/ ٢٦١)

-**یعقوب بن حسن الزرزاري الكردي**، زانایەکی بواری سۆفیگەری زاهید و خواناس و خاوەن کەرامەت بوو لەسەدەی حەوتی کۆچی ژیاوە (ابن حجر العسقلاني، ١٩٧٢: ٥/ ٤١٧).

هاوکات بەشێک لە کەسـایەتییە کوردییەکـان بـۆ پاراسـتنی شوناسـی کوردبونیـان هەڵگـری نـاوێکی کـوردی بـوون کە لەنـاو ڕەگەزەکـانیتری کـۆمەڵگەی ئیسـلامیی ئەو نـاوانە نەبـووە، یـاخود نـاوی کوردییـان لە منـداڵەکانیان نـاوە، لە تەماشـاکردنی سەرچاوەکان ئەو ڕاستیە بەرچـاو دەکەوێت کە بەشـێک لە ناوەکـان لە نـاو کـۆمەڵگەی کـورد نـاوی کـوردی بـووە یـاخود لە نووسینەکانیاندا وشەی کوردیان بەکارهێناوە، لێرەدا بە کورتی چەند بە نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

**- اسد الدين شيركوه:**

(أبـو الحـارث شـيركوه بـن شـاذي بـن مـروان) نازنـاوی (ملـك المنصـور) بـووە، مـامی (صـلاح الـدين) ئەیـوبی بـووە. سـەرکردەیەکی ئـازای سـەربازی و مـاوەیەکیش وەزیربـووە، زانیـاری لەسـەر سـاڵ و شـوێنی لـەدایك بـوونی نیـە، لـە ساڵی(٥٤٦ك/١١٦٦ز) لە قاهیرە کۆچی دوای لەوی نێژراوە، لەسـەر وەسیەتی خـۆی لەگـەڵ تـەرمی (نجـم الـدين) ی بـرای گواسترایەوە بۆ شاری مەدینە و لەوی دووبارە نیژاوەتەوە(بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤: ٢/ ٤٧٩-٤٨٠؛ الذهبی،١٩٩٨: ١٢/ ٣١٩؛ شێخانی، ٢٠١٦: ٣٧)، ئەگەر تەماشای ئەم سەرکردە بکەیـن هەم نـاوی خـۆی شـێرکۆیە هەم نـاوی بـاوکی شـادیە کە کوردییە، کە وەک ڕەمز و هێمایەک تا ئێستا بە شانازییەوە ناوی دەبرێت.

**-قاضی دارا:**

عبدالله بن مختار بن محمد بن شريف، لە میسر ژیاوە سەرپەشتی دیوانی کردووە لە شاری قوص و ئەسوان، دواتر بووەتـە وەزیری مەلیك كامل لەمیسر، دادوەربوو هاوکات ئەدیـب و شـاعیربووە، لـە سـاڵی(٦٤٤ك/١٢٤٦ز) کـۆچی دوای کـردوە.( الـذهبی،١٩٩٨: ٤٨/ ٣٥٠) ئەم دادوەرەیش کـوردە، یەکـەم ناوەکـەی(دارا) کوردیەکـە تـا ئێسـتایش نـاوی دارا هەیـە، دووەم وەزیری مەلیك کامل بووە بێگومان ئەگەر دڵسۆزی ئەیوبیـەکان نەبوایـە ئەوپۆسـتە گرنگـە کـە دەسـەڵاتی دووەمـە دوای پاشـا (مەلیك)ی پێی نەدەدرا، سێیەم یەکێك لە کوردە حەمیدیەکان (خالد بن درباس الحمیدی الكردی) شیعرەکەی گێراوەتەوەئەوەیش واتای ئەوەیە، یان کورد بووەیان نزیك بووە لە کوردەکان کە شیعری ئەویان لەبەربووە،چوارەم تەماشای شـیعرەکانی دەکـەین دەبینی وەشەی (عجمی) تێدایە لەوکاتەدا بـەکوردیش دەوتـرا عەجـەم ، پێنجـەم ناوەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری دارا کـە(ابن جبیر)دەڵێت: کورد لە دەوروبەری ئەم شارە نیشتە جێبووە،( ابن جبیر،١٩٥٩: ٢١٥)

**-ابو الهيجاء موسک بن جکو:**

دامەزرێنەری میرنیشینی هەزبانی بووە لە سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە(محمود، ٢٠٠٦، ٤١)،(جکو- چکۆ- شکۆ) ئەمیش یەکێکیترە لەو میر و فەرمانڕەوا کوردانەی کە ناوی خۆی و کوڕ و باوکی کوردییە.

**-ابو الخیر الحمیدیە:**

ابو الخیر الحمیدیە سیعد بن سعداللە بن عیسی بن محمد ابو الخیر بە (سیدا)ناسراوە، ( لە زمانی بادینی ئیستا بەمانای کاك یان بەرێز یان ڕێزدار یان مامۆستا دێت) لەنەوەی کوردەکان (من ابناء الاکراد) لە گوندی (خلبتا) لە دەوروبەری (عقر الحمیدیە) لە دایکبووە، لە شاری هەولێر(اربل) ژیاوە بۆماوەیەکی زۆر تێیدا ماوەتەوە تا کۆچی کردوە لە ساڵی (٦٣٧ك / ١٢٣٠ز ) کە زیاتر لە هەشتا ساڵ ژیاوە (إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٣ / ٤١).

**-ابو علی بن شادان:**

زانای بواری فەرمووده بووە و مامۆستای فارسی کوڕی حوسێن کوڕی غەریب کوڕی بەشیر ئەبو شوجاعی شارەزووری بەغدادی بووە، لە سەدەی پێنجی کۆچی ژیاوە(ابن المستوفی،١٩٨٠: ق٢/ ٦٧٥) ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم کەسایەتیە جگە لە پاشگری ناسناوی شارەزووری، ناوی شادان گوزارشت لە کوردبوونی دەکات، چونکە یەکێک لەم ناوانەی کە لەناو کوردا باوە (فارس) و(غەریب)ە.

**-الیاس بن جامع الأربلی:**

ناوی الیاس بن جامع بن علی بن ابی کامل بن ابی طالب، ابو الفضل الاربلییە باوکی نازناوی (اینا)بووە، لە هەولێر لە دایك بووە، یەکێك بووە لە زانا و فەرموودەناس و فقیەکانی مەزهەبی شافعی، (إبن الشعار، ٢٠٠٥: ١/ ٤٤٦؛ الذهبی ،١٩٩٨: ١٣/ ٣٣) لە شاری هەولێر ناوبانگی هەبووە، بەیەکێك لە شایەتە باوەرپێکراوەکانی زەمانی خۆی ناسراوە، ئەلیاس ناوێکی کوردییە و(اینا)یش ناوێکی کوردیە و بەمانای (جامع) دێت یان (ئەینا) هەر هەینی بووە بۆتە(اینا) کە هەر مانای جامع دەدات.(بروانە: إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٦/ ٤٠ ؛ ابن المستوفی،١٩٨٠: ق٢/ ٣١٥)

**- علان بن کشمرد الکردي (خۆشمەرد- خۆشمێر):**

سەرکردەی سەربازی سەردەمی عەباسی بووە لە کۆتایەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی ژیاوە (الطبري، ١٩٦٧: ١٠/ ١٣٠)، ناوی کوشمەرد بە مانای خۆشمەرد یان خۆشمێری کوردی دێت.

**ابن کشکسە:**

ناوی عثمان بن ابراهیم بن علی، ابو عمر الرصاصی الأربلی لەبەرئەوەی کاری رەساسی کردوە نازناوی (الرصاصی) بووە، لە هەولێر لەدایك بووە هەرلە هەولێر ژیاوە، پێیان وتوە(ابن کشکسە) لەو پۆستە کاری کردوە تا لە هەولێر لە ساڵی(٦٣٢ك/ ١٢٣٤ز)( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٤/ ٢١٣) ابن کشکسە، دوور نیە ئەم نازناوە بەواتای کوڕی کیش

کەسە بێت، کە زۆرجار لە ناوکوردا دەڵێن کوڕی کەم کەسە، بە کرمانجی سەروو بە واتای کوڕی کام کەسە دێت، یان کوڕی کێ(بڕوانە:توفیق و عبوش، ٢٠١٣: ١٣٥)

**-محمد بن یزداد الشهرزوري:**

لە ساڵی ٣٢٨ک لە لایەن میری میران محەمەد کوڕی رائق بەڕێوبەردنی شار دیمەشقی پێ سپێدراوە، دواتریش لە ساڵی ٣٣١ک کراوەتە بەرپرسی پۆلیسی لە میسر(ابن الملقن، ١٩٩٧: ٢٤٧/٧)

**- خالد بن جیلویە:**

خالدی کوڕی جیلویە کوردی، محەمەدی کوڕی حەسەن کوڕی جیلویە: کەسایەتی خاوەن پلە وپایە وپۆست بووە لە کۆتایی سەدەی دوو و سێیەمی کۆچی لەسەردەمی عەبباسی(الطبري، ١٩٦٧: ٩/ ٢٤٤؛ ابن خلکان، ١٩٩٤: ٢/ ٥١٩).

**-ابو محمد علی بن داود بن بهزاد:**

سەرکردەیەکی گەورەی دەستڕۆیشتووی موسڵ بووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی ژیاوە(المسعودی،د.ت: ٩٧)

**- منتجب الدین ابراهیم:**

منتجب الدین ابراهیم، شاعیر بووە لە هەولێر پیشەی(العدل) واتا شاهیدی دادگا بووە، کەچی لای خەڵکی بە(مشکی – مشکۆ) دەناسرا. ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ١/ ٣٧٤)

**درباس الأمدی:**

ئەبوبەکر محەمەد کوڕی دەرباسی ئامادی کە زانا بووە لە بواری ڕێزمانی عەرەبی و لەسەدەی حەوتەمی کۆچی ژیاوە (ابن اللمش،١٩٩٢: ١٥٧)

**-لشکر بن محمد بن شداد:**

سەرۆکی هۆزی مەروانی دوای کۆچی دوایکردنی میر محەمەدی باوکی سەرۆکایەتی هۆزەکەی گرتۆتە دەست لە سەدەی چوارەمی کوچی(بڕوانە فرست مرعی الإمارات الکردیة في العصر العباسی...)

(**احمد بن الخضربن حسکویه**)(ت:١٢٢٦/٦٢٣ز)حەسکویە ناوێکی کوردیە( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ١/ ٢٢٠) هەرواها ئەم ناوانەیش کوردین، (**شاکل، بەختیار، خل، بنکیر، ملکیشوا**) ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ١/ ٢١٩، ٣٣٨/٣، ٤، ٣٢، ٥/ ٢٢٩، ١٩٠/٩) وە جاری وا هەیە بە ئاشکرا وشەی کوردی یان نازناوی کوردی بەکار هیناوە (**جان**) ناوێکی کوردییە ( إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٤/ ١٩٤)

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەروەها چەندین ناوی کوردی تر وەک: **شادکۆ، بەهزاد، هەزارمیرد**. لە لایەکیتریشەوە تێبینی بوونی چەندین ناوی تر دەکەین کە کوردی نین، بەڵام زیاتر کورد بەکاری هێناوە وەک عیسا و موسا کە دوو پێغەمبەری نێدراوی خوداوەندن، ئەمەش بەڵگەی بیروباوەڕی بتەوی کوردە بە سەرجەم پێغەمبەران و ڕێزگرتن لە پەیڕەوانی ئاینەکانیتر کە لە کوردستاندا پێش ئیسلام و دواتریش هەبووە.

**تەوەری چوارەم:-**

**هەڵگرتنی ناسناوی شار و شوێنی جوگرافیا.**

یەکێکی تر لەم ڕێگاو ئامرازانەی کە شوناسی کەسێک یان کۆمەڵێکی پێدەناسرێتەوە شوێنی نیشتەجێبوون و جوگرافیایە، لەسەرچاوەکانی ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بەتایبەتیش سەرچاوەکانی وڵتناس و گەریدەکان تارادەیەکی باش وڵات و خاک و شارو دێهاتە کوردنشینەکانیان دیاریکردووە و وەسفیان کردووە، لەم سۆنگەیەوە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیە هەڵکەوتووە کوردەکان کاتێک دوورکەوتوونەتەوە لە شوێن و زێدی خۆیان و باو باپیرانیان ناسناوی شار و دێهات و شوێنی ڕەسەنی خۆیان کردۆتە پاشگری ناوەکانیان، بەمەبەستی شوناسی خۆیان پاراستوە وێڕای تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ گەلانی تر و دوورکەوتنەوەیان و بڵاوبوونەوەیان لە هەرێمەکانی تری چوارچێوەی خیلافەی ئیسلامی هەرچەندە هەندێک لە شارو دێهاتەکان بەتایبەتیش هاوسنوورەکان دانیشتووانی تێکەڵی تێیدا نیشتەجێبوون بە فاکتەری ئاینی و کۆمەڵایەتی کە وایکردبوو لە شارێکدا کورد و فارس و عەرەب، ڕەگەز و نەتەوەی جیاواز تێیدا بژێت، لە هەمانکاتدا ئاشتی کۆمەڵایەتی پێکەوە ژیانێکی باش و سەقامگیریان هەبێت، بەڵام هەمیشە کورد زۆرترین بوون شان بەشانی ئەوانیش پێکهاتەیتر ژیاون.

مەرجیش نیە هەرکەسێک هەڵگری ناسناوی شارێکی کوردی بووبێت، کوردبێت، بەڵام پێوەریتر هەن بۆ ناسینەوەی شوناسی کەسەکە جگە لە ناسناوی شار

دەکرێت لێرەدا نموونەی چەند کەسایەتیەکی کورد بهێنینەوە کە هەڵگری ناسناوی شارێک یان ناوچەیەکی کوردبن:

وەک(**الأربلي، الشهرزوي، الأمدي، العمادية، النصيبي، الدنيسري، الفارقي، الماريني، السنجاري، الأسعردي، القرمسين، الجزري، الحلوانی**،..هتد)

ئەمەی خوارەوەش چەند نموونەیەکی کورتە لەسەر ئەوکوردانەی کە شارێکی کوردییان کردۆتە پاشگری ناوی خۆیان.

**-الياس بن جامع بن علی الاربلي**:

یەکێکە لەزانا کوردەکانی هەولێر خاوەن ڕەوشت و ئاکاری جوان بووە، شارەزای بواری فقهدا هەبووە، بۆ ئەوەی شارەزا بێت لە بواری فقە لای چەندین مامۆستا خوێندویەتی سەردانی شاری بەغدادی کردوە لە قوتابخانەی نیزامیە چاوی بەچەندی زانا و مامۆستا کەوتووە، ئەم زانا کوردە لە هەولێر لەدایک ووە و مردوە (٥٥١-٦٠١ک)( البغدادي، ٢٠٠٢ : ١٥/ ١٤٦)

**- محمد بن يحى الشهرزورى:**

ناوی محمد بـن يحيـى بـن الفضـل بـن يحيـى بـن عبـدالله بـن القاسـم بـن المظهـر بـن علـی، ابـو حامـد بـن ابـی طـاهر الشهرزوری الموصلی لە مانگی رەمەزان ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٣ز) لەدايك بووە، لـە بنەماڵەيـەکی نـاودار بـووە کـە پيشـەيان قازی بووە باوکی (محمد بن يحيى الشهرزوری) قازی (الجزير ابن عمر)بووە. (إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧/ ٣٢).

**- محمد بن مبارك الشهرزورى:**

محمد بن مبارك بن يحيى بن عبدالله بن القاسم بن المظهر،ابو سعد بـن ابـی الفـتح الشـهرزوری الموصـلی يـە لـەمانگی جەمادی ئاخير ساڵی(٥٨٦ك/ ١١٩٢ز ) لە موسڵ لەدايك بووە، لـە نـەوەی قـازی و دادوەرەکـانی شـارەزوور بـووە(من ابنـاء القضاه الشهرزوريين) (إبن الشعار، ٢٠٠٥: ٧ /١٠١).

**-أبو محمد الآمدى:**

زانای فەرموودەناس و فەقيە و شەرعزان ئيسحاق کوڕی ئيبراهيم کوڕی ئيسماعيل ئامادی، يەکێکە لە زاناکـانی بـواری فەرمووده و لە خانەی فەرمووده لە ديـمەشق خوێنـدوەيەتی لای چەنـدين مامۆسـتا وەک شـێخی ئيسـلام ئيـبن تيمـيە، ئەم زانـا کـوردە لە ئـامەد لە نيـوەی دووەمـی سـەدەی حەوتەمـی کـۆچی لە دايـک بـووە، پاشـان بـۆ وەرگرتنـی زانسـت و زانيـاری ڕوويکردوەتەوە ناوچەکانی جيهانی ئيسلامی.(القرشی، ١٩٩٣: ١/ ٣٧٤).

**-القاضى بكر زين الدين الأسعردي:**

پيشەی دادوەر بووە لە ميسر پێش ئەوەيش پۆستێکيتری ئيداری و ئاينی هەبووە (المحتسب بالديار المصرية، ووکيـل بيت المال)، بە ئەبو بەکر کوڕی نەسر بەناوبانگە، لە ساڵی (٧٢٠ک) لە ميسر کۆچی دوايکردوە(الصفدي، ١٩٩٨: ٢ /٣٧).

**ئەنجام وڕاسپاردە**

**دەتوانين گرنگترين ئەم ئەنجامانەی لەم توێژينەوەيەدا پێيگەيشتووين لەم چەند خاڵەدا کورتيان بکەينەوە.**

١.کورد پێکهاتەيەکی ڕەسەنی شارستانيەتی ئيسلامييە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کە توانی پارێزگاری لە شوناسی خۆی بکات سەرەڕای ئاڵنگارييەکان.

٢.وێڕای بەهێزی تەوژمەکە و گۆڕانکارييە خێراکان لە ناوچەکەدا دوای پەرەسەندن و لێکەوتەکانی هاتنی ئيسلام و بڵاوبوونەوەی؛ کورد ڕەسەنايەتی خۆی پاراست و بە شوناسی خۆيەوە شارستانيەتی ئيسلاميی دەوڵەمەندکرد.

٣. ئيسلام هيچ شوناسێکی نێوخۆی مرۆيی ڕەتناکاتەوە بەڵکو جەخت لە سەر پارستنيشيان دەکاتەوە.

٤.کوردەکان لە ڕێگەی هەڵگرتنی ناو وناسناوی(کوردی) و(هۆزی کوردی) و(شاری کوردی) شوناسی خۆیان جیاکردەوە لە شوناسەکانی تری دەوروبەر بێ ئەوەی خۆیان بێبەری بکەن لە بیروباوەڕ و شارستانیەتی پێشکەوتووی سەردەم.

٥.لە ڕێگەی ئەم ناو وناسناوە کوردیانەوە، ئێمە دەتوانین پشکی کورد و ڕۆڵی لە شارستانیەتی ئیسلامی بزانین و هەڵبسەنگێنین.

٦.پێویستە بە میتودێکی لێکۆڵینەوەی چەندێتی بە پشت بەستن بە ئامار پشک و ڕۆڵی کورد لە زانستە جیاوازەکان، پۆلێن بکرێت تا بزانرێت کامیان زیاتر جێی بایەخی کوردە.

## لیستی سەرچاوەکان

القرآن الكريم

1) یەکەم:سەرچاوە ڕەسەنەکان (المصادر الاولیه):

1) سەرچاوە بنەڕەتیەکان بە زمانی عەرەبی ( المصادر الاصلیه العربیه:(

ابن الأثير : عز الدين أبی الحسن علی بن محمد بن محمد الجزری (ت 630ك/1232ز).

-الكامل فی التاريخ ،تحقيق: عمر عبد السلام التدمری ،دار الكتاب العربی، (بيروت :1997م).

الأصفهانی : عماد الدين بن محمد بن صفی الدين الكاتب (ت:597 هـ /1200م)

-البرق الشامی، تحقيق: د. فالح حسين، مؤسسه عبد الحميد شومان،(عمان:1987م).

-الفتح القسی فی فتح القدسی،دار المنار(مصر:2004م).

البرزالي :علم الدين القاسم بن محمد البرزالي (665 - 739 هـ)

-المقتفي لتاريخ أبي شامة ،حققه وعلق عليه: د عبد الرحمن بن سليمان العثيمين

الآثار الشرقية للنشر والتوزيع، (عمان : 2019 م)

ابن جبير: محمد بن احمد الكنانی الاندلسی (ت:614 هـ /1217م)

-رحله ابن جبير،دار صادر للگباعه والنشر،(بيروت:1959)

ابن حجر العسقلانى: شهاب الدين احمد بن على (ت:852 هـ/1448م)

- الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة ،تحقيق: على محمد عمر ، مكتبة الخانجي ،(القاهرة: 1998 م)

-رفع الإصر عن قضاة مصر، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد(الهند:١٩٧٢م)

الحموى: أبو الفضائل محمد بن على بن نظيف الحموى.(928هـ/1521م)

-المشترك وضعا والمفترق صقعا،عالم الكتب،(بيروت:1986).

ابن حوقل : محمد بن حوقل البغدادى،(ت:367ك/977ز)

-صوره الارض،مطبعه دار الكتبه الحياه،(بيروت:1997م)

ابن خلدون: أبو زيد عبد الرحمن بن محمد الإشبيلى (ت: 808 هـ/1406م)

-ديوان المبتدأ والخبر فى تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوى الشأن الأكبر،(تاريخ ابن خلدون)، تحقيق: خليل شحاده،دار الفكر،( بيروت:1988م)

ابن خلكان : أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت:681 هـ/1282م)

- وفيات الاعيان فى انباء ابناء الزمان ،تحقيق: إحسان عباس،دارصادر ،(بيروت:1994)

أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت الخطيب البغدادي - 392) 463 هـ(

- تاريخ بغداد -(تاريخ مدينة السلام وأخبار محدثيها وذكر قطانها العلماء من غير أهلها وواردیها)، حققه وضبط نصه وعلق عليه: د بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي (بيروت:2002)

الذهبى :شمس الدين محمد بن احمد بن عيمان (ت:748 هـ/1374م)

-تاريخ الإسلام وفيات المشاهير و الأعلام،تحقيق: عمر عبدالسلام التدمرى،گ2،دارالكتاب العربى، (بيروت:1998)

-سير اعلام النبلاء،دار الحديث،(القاهره:2006).

السمعانى: ابو سعد عبد الكريم بن محمد (ت:562 هـ/1166م)

-الأنساب، تحقيق: عبد الله عمر البارودى،دار الجنان(د.م:1988)

ابن الشعار : كمال الدين ابى البركات المبارك بن الشعار الموصلى،(ت:654 هـ/1256م)

-قلائد الجمان فى فرائد شعراء هذا الزمان،تحقيق: كامل سلمان الجبورى ،دار الكتب العلميه ،(بيروت :2005م).

الصفدی : صلاح الدين خليل بن ايبك (ت:764 هـ /1363م)
-الوافی بالوفيات ،تحقيق: أحمد الأرناؤوگ وترکی مصطفی ،دار إحياء التراپ ( بيروت:2000 م)
-أعيان العصر وأعوان النصر، المحقق: الدكتور علي أبو زيد،دار الفكر المعاصر (بيروت: 1998م)

الطبری، أبو جعفر محمد بن جرير بن يزيد (ت: 310 هـ /923م)
-تاريخ الامم والملوك (تاريخ الطبری)، دار الکتب العلميه ( بيروت:1407هـ)
محيي الدين أبو محمد عبد القادر بن محمد بن نصر الله ابن سالم بن أبى الوفاء القرشي الحنفي (696 - 775 هـ)
-الجواهر المضية فی طبقات الحنفية،المحقق: د عبد الفتاح محمد الحلو،ار هجر للطباعة والنشر (القاهرة: 1993).

قلقشندی: أبو العباس أحمد بن علی (ت:821 هـ /1418م)
-صبح الأعشی فی صناعه الإنشاء، دار الکتب العلميه،(بيروت:1989).
ابن اللمش:ابی حفص بن عمر الخضر اللمش(ت:٦٤٠هـ)
تاريخ دنيسر، عنی بتحقيقه: ابراهيم صالح، المطبعة الثانية، دار البشائر،(دمشق:١٩٩٢م)

ابن المستوفی : شرف الدين ابو البرکات المبارك بن أحمد الإربلی، (ت: 637 هـ /1239م)
-تاريخ اربل، تحقيق: سامی بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد للنشر (العراق: 1980م)

المسعودی: أبو الحسن علی بن الحسين بن علی (ت:346 هـ /957م)
-التنبيه والإشراف، تصحيح: عبد الله إسماعيل الصاوی، دار الصاوی ، (القاهره: د.ت)
-مروج الذهب ومعادن الجواهر، تحقيق: يوسف البقاعی،دار الاحياء التراپ العرب،(بيروت: د.ت)

المقريزي، تقی الدين أحمد بن علي(ت:٨٤٥هـ/١٤٤١م)
السلوک المعرفة دول الملوک، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الکتب العلمية(بيروت:١٩٩٧م)

ابن الملقن: سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري (ت 804 هـ)
-العقد المذهب في طبقات حملة المذهب،المحقق: أيمن نصر الأزهري ،دار الكتب العلمية،(بيروت:١٩٩٧م)

الحموی، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت الحموی بن عبد الله(ت: هـ626 هـ /1229م)
-معجم البلدان،ط8، دار صادر للطباعه والنشر ، (بيروت:2010م).
-المشترك وضعا والمفترق صقعا،عالم الکتب،(بيروت:1986م)

ابن الفوطی:کمال الدین ابو الفچل عبدالرزاق  بن احمد بن محمد الصابونی(ت:723هـ/1323م)
-تلخیص مجمع الاداب فی معجم الألقاب، تحقیق: مصطفی جواد، مطبوعات مدیریه احیاء التراث القدیم (د.م.ت).

2) سەرچاوە بنەڕەتیەکان  بە زمانی کوردی(المصادر الاصلیه الکوردیه) :
شەرەف خانی بدلیسی: شەرەفخان کوڕی شەمسەدین (م: لەکۆتاییەکانی 1005ك/1598ز)
- شەرەفنامە، و: مامۆستا هەژار، ئاراس، (هەولێر:2006ز)
دووەم : سەرچاوەی لاوەکی و نوێیەکان (المراجع):
1) سەرچاوە لاوەکیەکان بە زمانی عەرەبی (المراجع العربیه):
البرزنجی : تریفه احمد البرزنجی:
- اسهامات العلماء الاکراد فی بناء الحچاره الاسلامیه،دار الکتب العلمیه،(بیروت:2010م).
توفیق :زرار صدیق توفیق
-القبائل والزعمات القبلیه الکردیه فی العصر الوصیگ،مؤسسه موکریان للبحوث والنشر،مطبعه مؤسسه ئاراس(اربیل:٢٠٠٧).
خلیل: عماد الدین
-الواحدة والتنوع في تاريخ المسلمين، دار ابن كثير،(بيروت:٢٠٠٢م).
عدو: بناز اسماعيل:
-اهل الذمة في بلاد الكرد في العصر العباسي ١٣٢-٤٤٧هـ/٧٤٩-١٠٥٥م(دراسة تأيخية تحليلية)، المطبعة، ڕۆژهەڵات (اربيل:٢٠١١).
فرست مرعي إسماعيل:
-الإمارات الكردية في العصر العباسى الثاني ٣٥٠-٥١١هـ/٩٦٠-١١١٧م(دراسة سياسية حضارية)، مطبعة وزارة التربية(اربيل:٢٠٠٥)
محمد :كاروان عبالعزيز محمد.
-الكرد المهرانية ودورهم السياسي والحضاري خلال القرنين(٦-٧هـ/١٢-١٣م)، مطبعة محافظة دهوک،(دهوک:٢٠١٣).
محمود:  احمد عبد العزيز محمود:
-الاماره الهذبانیه الکردیه ،گ2،التفسیر، (اربیل:2006م)
هلبين: هلبين رفيق محمد سعيد:
-الكورد الحميدية ودورهم السياسي والحضاري خلال القرون(٣-٨هـ/٩-١٤م)، من منشورات الاكاديمية الكوردية،مطبعة:حاجى هاشم،(أربيل:٢٠١٢).

2) سەرچاوە لاوەکیەکان بە زمانی کوردی (المراجع الکوردیه)

توفیق :زرار صدیق توفیق:
-کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەدەکانی ناوەراست،چاپخانەی رۆژهەڵات،(هەولیر:2014ز)
- کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز)،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:٢٠١٠).

جەواد: مستەفا جەواد:
-هۆزی لە بیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکان، وەرگێرانی: مامۆستا هەژار،(هەولێر:٢٠٠٨)

نەقشبەندی: حسام الدین علی غالب نەقشبەندی
-شارەزوور و لۆرستانی باکور لەسەدەکانی ناوەڕاستدا(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی وشارستانی) یە، وەرگێرانی:ڕەنج ئەبوبەکر محەمەد، چاپخانەی حەمدی(سلێمانی:٢٠٠٨ز).

شێخانی: حسین شاکر شێخانی:
-کورد لەکتێبی (وفیات الاعیان وانباء ابناء الزمان) ی(ابن خلکان)،دەزگای چاپ و پەخشی نارین،(هەولێر:2016ز)

سێیەم : ئینسکلۆپیدیەکان (الموسوعات):

دائره المعارف الاسلامی،ت:ابراهیم زکی واحمد الشنتاوی وعبدالحمید یونس،دار الشعب،(القاهره:1923)
-مینورسکی ، ماده ازربیجان

پێنجەم :گۆڤارەکان (الدوریات والبحوث):
توفیق: زرار صریق توفیق:
-اماره عقره الحمیدیه،مجله متین،العدد(101)،(دهوك:2000م)
توفیق وعبوش: زرارصدیق و فرهاد حاجی عبوش
-کتاب((قلائد الجمان))لابن الشعار الموصلی(654هـ/1256م) مصدرا لتاریخ الکرد الحچاری و السیاسی، گۆڤاری زانکۆی دهوك زانستین مرۆڤایەتی وکۆمەڵناسی، (دهوك:2013)، هژمارا(1)،

**پوختە:**

دیارە زۆری ئەم ڕەگەزانە بەشدارن لە دروستکردن وپاراستنی شوناسی هەر نەتەوەیەک لەسەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا وەک خاک، مێژوو، زمان وکولتوور...هتد بەڵام لەوانەیە زۆرجار هەریەک لەم توخمانە چەند توخمێکیان لە مادەیەکی دیاریکراودا بکەوێتە ژێر هەڕەشەو مەترسی لە لایەن هێزی ئایدیا یان لایەنێکی دیاریکراوی دوور یان نزیک بە پاڵنەری نەژادی، ئایدیایی و سیاسیی، لێرەدا شوناسی ئەم نەتەوەیە دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی گەورە و سەخت، مانەوە و خۆڕاگرییەکەی پەیوەستە بە بەهێزی و ڕەسەنایەتی ئەم نەتەوەیە و وابەستەبوونی قوڵی بە ڕەگەزەکانی شوناس.

بێگومان هەر وەک دیارە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ کورد وەک وەچەرخانێکی مێژووی بووە لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە بە گشتی، ئەمەش بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لەگەڵ خۆیدا هێنایی و کە سەرجەم نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکی گرتەوە، کوردیش یەکێک بوو لەم نەتەوە ڕەسەنانەی ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ هەر لەسەرەتاوە بەریەک کەوتنی لەگەڵ ئەم هێز و ئایدیا ئاینیەوە دروستبووە، ئەمەش قۆناغێکی نوێی لە فکری کورد درستکردوو چالاکان ڕۆڵی کورد لەشارستانی ئیسلامیی بە قۆناغبەندی دەرکەوتوو، پەرەی سەند تا ئەوئاستەی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە و پارێزەر لە شوناسی نەتەوایەتی خۆی لە ڕێگەی بەشداری و پشکداری لە شارستانی ئیسلام لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا دەنگبداتەوە.

**الملخص العربي:**

لعب الكورد دورًا بارزًا في بناء الحضارة الإسلامية، باعتبارهم أحد المكونات الأساسية في النسيج المجتمعي الإسلامي خلال العصور الوسطى. وقد أسهموا في مختلف المجالات الفكرية والعلمية والثقافية، مع حفاظهم على هويتهم القومية ولغتهم وتراثهم الثقافي. وعلى الرغم من هذا التميّز، فإن مساهماتهم انطلقت من رؤية تنسجم مع المبادئ الإسلامية، حيث تجسدت وحدة الأمة الإسلامية ضمن إطار التنوع دون أن يكون أحدهما على حساب الآخر.

أكد الكورد هويتهم وخصوصيتهم من خلال استخدام ألقاب تعكس انتماءهم القومي أو القبلي أو الجغرافي، إلى جانب حفاظهم على الأسماء الكوردية الأصيلة المستمدة من بيئتهم الطبيعية والاجتماعية والثقافية. وقد عزّز الإسلام هذا التوجّه من خلال مبادئه التي تدعو إلى احترام التعددية الثقافية والتعبير عن الهوية القومية، معتبرًا ذلك مظهرًا من مظاهر إرادة الخالق، حيث قال تعالى:

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ (سورة الحجرات، الآية: 13).

إن تتبّع الأسماء الكوردية ذات الدلالات القومية أو القبلية أو الجغرافية في المصادر الإسلامية التراثية يكشف عن عمق حضور الكورد في مسيرة الحضارة الإسلامية، ويؤكد مدى فاعليتهم في مختلف الحقب التاريخية. كما أن هذه الأسماء تشكّل شاهدًا على حفاظهم على هويتهم القومية، وهو ما وثّقته كتب التراث الإسلامي، التي حفظت أسماء أعلامهم وأدوارهم البارزة في ازدهار الحضارة الإسلامية خلال العصور الوسطى.

sjh@univsul.edu.iq